www.kurdistannet.org

# له یەکەم نیگاوه

حەمەسەعید حەسەن

له دڵمەوه هەڵدەقوڵێ
ئەو ئەوینەی
له چاوما بەدیت کردووه،
(دڵداریمان هێژاترین گەنجینەیه،
له دڵما هەڵم گرتووه،)(1)
تۆ له دڵمای،
چەن لێم دوور بی،
هەر وا هەست دەکەم له گەڵمای.
کەس شک دەبەی
وەک من لاولاوی هۆنراوەی
له بەژن و باڵات ئاڵابێ؟
کەس شک دەبەی
وەکوو من ئامێزی دڵی
هەمیشه بۆ تۆ واڵابێ؟
کەس شک دەبەی
وەک من دڵی هەر لای تۆ بێ؟
کەس شک دەبەی
ئەوەندەی من شەیدای تۆ بێ؟
بێجگه له من
کێیه چاوی بۆ کردبی
به کەژاوه؟
کێ وەک من چارەنووسی خۆی
به پرشنگی چاوی تۆوه گرێ داوه؟
له سیماتا
سەراپای کوردستانم دی،
بۆیه له یەکەم نیگاوه
خۆشم ویستی.

2003. 10. 30

(1) I'm sure our love is a treasure, your heart will always keep. (Bobette Bryan)